# دیارنەمانی دوو ملیار و نیوەکە و چارەنووسی دەوڵەت لە عێراق!

22-10-2022

**نووسەرەکان**

د. یاسین تەها

**کورتە :** لەکاتێکدا کە سەرجەم خزمەتگوزارییەکان لە عێراق لە پاشەکشەدان و ئاماژەکانی هەژاری زیاتر دەبن، دامەزراوە فەرمییەکانی دەوڵەت بۆمبێکی گەورەیان تەقاندەوە؛ بڕی 3.7 ترلیۆن دیناری پارەی بارمتەی باج و گومرگ لەلایەن پێنج کۆمپانیای خەیاڵییەوە براوە کە بەهاکەی بە دراوی قورس دەگاتە نزیکەی 2.5 ملیار دۆلار!

لەکاتێکدا کە سەرجەم خزمەتگوزارییەکان لە عێراق لە پاشەکشەدان و ئاماژەکانی هەژاری زیاتر دەبن، دامەزراوە فەرمییەکانی دەوڵەت بۆمبێکی گەورەیان تەقاندەوە؛ بڕی 3.7 ترلیۆن دیناری پارەی بارمتەی باج و گومرگ لەلایەن پێنج کۆمپانیای خەیاڵییەوە براوە کە بەهاکەی بە دراوی قورس دەگاتە نزیکەی 2.5 ملیار دۆلار!

ئەو پارەیەی کە براوە، سپاردەی کۆمپانیا بازرگانی و نەوتییەکانە کە بەگوێرەی یاسا، بڕی 5%ی هەموو گرێبەستێك لە هەژمارێکی بانکی رافیدەین دادەنێن تائەوکاتەی پاکتاوی باج و سزاکانی سەریان دەکەن، ئەگەرنا دەست بەسەر ئەو سپاردانەیاندا دەگیرێت. بەم پێیەش، پارەکە بەشێکە لە سامانی گشتی و لە بری باج و رسومات و پێبژاردنی وەبەرهێنەرانە. بردنی ئەم پارەیەش لە گفتوگۆ پەرلەمانییەکان و هەواڵە میدیاییەکاندا ناونراوە "دزی سەدە"، شێوازی راکێشانەکەشی لە رێگەی 247 چەکی بانکی و لە نێوان ئەیلولی 2021 و ئابی 2022 دا بووە کە وڵات سەرقاڵی هەڵبژاردن و مشتومڕی ئەنجامەکانی بوو.

رێوشوێنەکانی راکێشانی ئەم پارە قەبەیە، ئەوە دەردەخات کە ئەمە تەنیا کاری ئەو پێنج کۆمپانیا هەواییە نییە کە پاساویان بۆ راکێشانی پارەکە دۆزیوەتەوە، بەڵکو کاری تۆڕێکی بەرپرس و دەڵاڵ و هەندێك رێوشوێنی دیکەی ئاسانکەرە کە لە لیژنەی دارایی پەرلەمانەوە دەستپێکردووە تا گەیشتووەتە دەزگا باڵاکانی حکومەت و ئەم پارە بردنە مۆڵەی لێ کەوتووەتەوە. لەم میانەیەشدا گومانەکان لە دەورووبەری 16 بەرپرسی پەرلەمانی و حکومی دەسوڕێنەوە کە بەجۆرێك لە جۆرەکان ئاسانکارییان بۆ ئەم پارەبردنە کردووە و لە ئێستاشدا، لەبارەی چۆنییەتی ئاودیوکردن یان خەرجکردنی، لێکدانەوە و گریمانەی جۆراوجۆر هەیە.

کەیسەکە کە ئێستا جێگەی بایەخدانی ناوخۆیی و دەرەکیشە، نوێترین دەرەنجام و لێکەوتەی ئەو سیستمە دارایی و چاودێرییە هیلاك و بێسەروبەرەیە کە لە دەوڵەتی عێراقی پێ بەڕێوەدەبرێت دەکرێت و تەنانەت توانای پاکتاوکردنی بودجەی زۆربەی ساڵەکانیشی نییە (الحسابات الختامية)، ئەمەش رێگە خۆش دەکات بۆ ئەوەی دەزگاکانی جێبەجێکردن چۆنیان بوێت پاساوی خەرجکردن بۆ پارە خەمڵێنراو و تەرخانکراوەکان بدۆزنەوە. لەم میانەیەشدا حەیدەر عەبادی کە زۆر بانگەشەی دەستپاکی و گێڕانەوەی سامانی گشتی بۆ خەزێنەی دەوڵەت دەکات، لە سەردەمی خۆیدا (2014_2018)، تا ئێستا تەنیا حساباتی کۆتایی و پاکتاوی خەرجییەکانی بودجەی ساڵی 2015ی بەتەواوی کردووە و تازە بە تازە، وردبینی لە ژمێرەی 2016ش دەکرێت، ئەویش بە گوێرەی لێدوانی دیوانی چاودێری دارایی! شتێکی روونیشە کە لە هەر وڵات و جێگەیەکدا ژمێرەی کۆتایی نەبوو، ئەوە مانایەکی ئەوتۆ بۆ خەمڵاندنەکانی بودجە نامێنێتەوە. ئەگەریش بگەڕێیتەوە بۆ سەردەمی مالیکی کە ساڵانی تەخشان و پەخشانکردنی بودجە 100 ملیار دۆلارییەکان بوون، ئەوە چیرۆکەکانی بەهەدەردان و گەندەڵی کۆتاییان نایێت و جگە لەو پارانەی بۆ مووچەی کاش رۆیشتوون، سەرجەم خەرجییەکانی دیکە قسە و راپۆرتیان لەسەرە و هەندێك پارەی تەرخانکراو بۆ نەخۆشخانە و دەزگا خزمەتگوزارییەکان هیچ شوێنەوارێکیان نییە، هەندێ پرۆژەش کە بەردی بناغەیان دانراوە، نە پرۆژەکە و نە پارەکەشیان  هیچی دیار نین!

لە دۆسییەی دیارنەمانی دوو ملیار و نیوەکەی باجدا زانیاری هێندە سەیر هەن کە لەگەڵ پرەنسیپی دەوڵەتداریدا نایەنەوە و پێچەوانەی هەموو لۆژیکێکن، ئەویش لە کاتێکدا کە مێژووی دیوانی چاودێری دارایی عێراق بۆ ساڵی 1927 دەگەڕێتەوە. بۆ نمونە گەنجێك کە تەمەنی 21 ساڵە، کۆمپانیایەکی بە سەرمایەی ملیۆنێك دیناری عێراقی (تەنها 750 دۆلار) دامەزراندووە بەناوی (رياح بغداد) ، کەچی بڕی 624 ملیار دینار (500 ملیۆن دۆلار) ی  لە پارەی باج راکێشاوە!

لە پاش دەنگدانەوەی دۆسیەکە، دادگا بانگهێشتی بەڕێوەبەری گشتی باجی کردووە، هەروەها فەرمانی گرتنیشی بۆ خاوەنی هەر پێنج کۆمپانیاکە دەرکردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی گومان دەکرێت ئەمانە روخساری لایەنی زۆر قووڵ و دەسەڵاتدار بن و، تەنیا رووکاری پرۆسەکە بن، هیچ هیوایەك بە ئەنجامی لێپێچینەوەکە نییە. بەتایبەت ریشەی ئاسانکاری بۆ بردنی ئەم پارەیە لە خولی پێشووی پەرلەمانەوە دەست پێ دەکات و گومان لێکراوەکانیش، بەسەر لیژنەی دارایی پەرلەمان و جومگەکانی حکومەت و وەزارەتی دارایی و دەستەی  گشتی باجدا دابەش دەبن.

ئاشکرابوونی ئەم گەندەڵییە گەورەیە لە کاتێکدایە کە هەندێك پەرلەمانتاری چالاك نایشارنەوە، دەڵاڵ هەن لە پەرلەمانی عێراق کە بەرامبەر چەند ملیۆن دۆلارێك بڕگەی یاسایی لە پەرلەماندا لەڕێگەی لیژنەی داراییەوە لەبەرژەوەندی خاوەن بەرتیلەکە تێدەپەڕێنن. هەروەها لیژنەکانی چاودێری باسیان لەوە کردووە 37 پۆستی وەزیفی و 17 لیژنەی حکومی و پەرلەمانی زۆرترین خواستیان لەسەرە لە بەغدا، چونکە دەرفەتیان هەیە گەندەڵی تێپەڕێنن یان چاوپۆشی لێبکەن. هیچ یاسایەکی تایبەتیش نییە کاری ئەم جومگە هەستیارانە رێك بخات، هەندێکیش پێیانوایە ئەگەر یاسای تایبەتیش هەبن زۆر لە بارودۆخەکە ناگۆڕێت چونکە نزیکترین نمونە لە عێراقەوە کە لوبنانە دەورووبەری 300 یاسای جۆراوجۆری چاودێری و بەدواداچوونی هەیە کەچی دەرەنجامەکەی بە مایەپووچی و داڕمانی باری ئابووری کۆتایی هات، ئەویش بەهۆی سستی و خراپیی دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە.

چیرۆکی پارە بردنەکەی باج، راستییەك ئاشکرا دەکات کە دەشێت کۆتایی عێراق بەهۆی گەندەڵییەوە بێت. لەو میانەیەشدا دەزگای

ئاسایشی نیشتمانی عێراق پێیوایە لە ئێستادا ئەو هەڕەشانەی ڕووبەڕووی عێراق بوونەتەوە بە پلەی یەکەم چوار شتن کە بریتین لە؛ تیرۆر، مادەی هۆشبەر، گۆڕانی کەش و هەوا، گەندەڵی و خستنەلای سامانی گشتی. مەترسی هەڕەشەی چوارەمیش کە گەندەڵییە لەوەدایە کە ڕێگر و کێشەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی لێکەوتەی سێ مەترسییەکەی دیکە، کە پێویستیان بە تەرخانکردنی بودجە هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەیان. ئەگەریش بەهەدەردان و گەندەڵی بەم جۆرەی ئێستا بەردەوام بێت، ئەوا ڕەنگە ببێتە هۆکاری سەرەکی کۆتاییهاتنی دەوڵەت بە مانا ڕاستەقینەکەی و لە بری ئەوە قەوارەیەکی شێواوی وەك دەوڵەتانی شکستخواردوو بەجێ بمێنێت و زەقترین نیشانەی ئەم پێشهاتەش، دۆخی ئێستایە کە سەرباری گرانبوونی نرخی نەوت، عێراق ساڵی 2022ی بە بێ یاسای بودجە بەڕێ کرد، لەو یاسا ناکاوە داراییەشی دەریکرد بە ئاگاداری پەرلەمان بڕی 70 ملیار دیناری بۆ نۆژەنکردنەوەی ئۆفیسە سەربازی و حکومییەکان ڕۆشتووە لە کاتێکدا یاساکە ناوی "پاڵپشتی کتوپڕی ئاسایشی خۆراکە"!